عەبدوڵلا پەشێو:

سۆڤیەت بەدرێژایی بوونی خۆی دژی خواستەکانی کورد بوو، رووسیای ئێستاش لەکۆمۆنیستەکانەوە تادەگاتە فاشیستەکان دژی ئەو بستە عاردە ئازادەی باشووری کوردستانن

بەشی دووەم

*** هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر کوردستان و ماف و دۆزی کورد تائێستاش لەنێو کورددا جێگەی گفتوگۆو لێدوانە، تۆ بەحوکمی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەمۆسکۆی مەڵبەندی سۆڤیەتی جاران ژیاوی تێڕوانین و هەڵسەنگاندنت لەو رووەوە چییە؟**

— حەز دەکەم ئەوە بڵێم، کە زۆر کەس بەرامبەر ئەو کەسانە قیت دەبنەوە، کە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە باسی سیاسەتی سۆڤیەت دەکەن و بەبێ وەفا تۆمەتباریان دەکەن، بۆیە دەڵێم هەتا رۆژی مردن نانی رەشی دەستی رووسان لەبیر ناکەم و لەدوای گەلی خۆم، گەلی رووسم لەهەموو گەلێک خۆشتر دەوێ. ئێمەی بێگانە، کە لەوێ دەمانخوێند، ژیانمان لەرووی ماددییەوە، ئەگەر لەقوتابیانی سۆڤیەتی باشتر نەبووبێ ئەوا خراپتر نەبووە، بۆیە پێم خۆشە ئەو قسانەی بەرامبەر سۆڤیەت دەیانکەم بەبێ وەفایی حیساب نەکرێن، چونکە ئەوەی من رقم لێیدەبێتەوە بەدنمەکییە. من رقم لەسیستێمەکە دەبێتەوە، ئەگەرنا کولتووری رووسی بووە بەبەشێک لەکولتوری خۆم، کتێبخانەکەم بەشی هەرە زۆری رووسییە. هەروەها سەرچاوەکانی خوێندنەوەم، ئەوەی من دەبارەی سۆڤیەت و سیستەمی سیاسیی‌و رەوشتەکیی سۆڤیەت دەیڵێم، رەنگە هەر بۆ ئێمە شتێکی تازەی تێدا بێ. ئەو گەلانەی لەکەناڵە ئازادەکانەوە زانیاری وەردەگرن دەمێکە لەهەقیقەت گەیشتوون، بەتایبەتیش گەلی رووس خۆی. ساڵ نییە سەدان کتێب و فایلی پڕ دەکۆمێنت بڵاونەکرێنەوە. باسی ژیان لەسۆڤیەتی جاران حیکایەتێکی زۆر دوورو درێژە، بۆیە یەکسەر لەهەڵوێستی سۆڤیەت دەدوێم سەبارەت بەدۆزی نەتەوەی کورد.

سۆڤیەت بەدرێژایی بوونی خۆی دژی خواستەکانی نەتەوەی کورد بوو، دەبوایە هەر واش بێ! چونکە رووس بەدرێژایی مێژووی خۆی، بەلای کەمەوە لەکۆتایی سەدەی حەڤدەوە، لەسەردەمی پەترۆسی گەورەوە، هەمیشە خاوەن ئیمپراتۆریایەکی مەزن بووە. هەمیشە خۆی بەزلهێز حیساب کردووە. حیساب تەنیاو تەنیا بۆ دەوڵەت دەکا. میللەتی بێ دەوڵەت ناخوێنێتەوە. دەسەڵاتدارەکانی ئەوێ، چ لەسەردەمی قەیسەرەکان، چ لەسەردەمی کۆمۆنیستەکان، چ ئێستا عاشقی وشەی (دیرژاڤە)ن، واتە (کەڵەدەوڵەت) یا (زلهێز). ئەو زلهێزبازییە لەسەردەمی سۆڤیەتدا گەیشتە ئەوپەڕی. گەیشتە رادەیەک کە رووسیا بە کەڵەگایی لەرووی رووبەرەوە گەورەترین وڵاتی دنیا پێکەوە بنێ. هەموو رۆژهەڵاتی ئەوروپاو باکووری ئاسیا بگرێتەوە. بیێتە یەک لەسەر شەشی گۆی زەوی! زێتر لەسەد گەلی لەخۆی بچووکتر بخاتە بندەستی خۆی. رووسیا کە بەدرێژایی مێژوو داگیرکەر بووە، قەت و قەت لەخەمەکانی میللەتێک ناگات کە بەدرێژایی مێژوو بندەست بووبێ. رووسیا، ئەوساو ئێستاشی لەگەڵدابێ، ناتوانێ لەئێمە بگات چونکە خۆی داگیرکەرەو دەیان میللەتی بەڵەنگازی وەک کورد دەچەوسێنێتەوە. ناتوانێ هاریکاریمان بکا چونکە رزگاری‌و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد دەبێتە پێشینەیەک بۆ هەڵوەشانەوەی خودی رووسیا، وڵاتانی وەک چین و هیندیش بەهەمان شێوە. تۆ نابێ چاوەڕێی پشتگیری لەو دەوڵەتانە بکەی کە دەوڵەتی فرە نەتەوەیان لەسەر بنچینەی چەوساندنەوە هەڵچنیوە. بۆیە سەرکردایەتیی بزاڤی کوردیش ئەگەر رۆژێک لەرۆژان تەمای بەسۆڤیەت بووبێ، ئەوا یاغنیش بووە. نەک لەبەر باشەو خراپەی رووسیا، بەڵکو لەبەر خودی سروشت و پێکهاتەکەی. پێم وایە سەرۆک مستەفا بارزانی یەکێک بوو لەو سەرکردە دەگمەنانەی جیهانی سێیەم کە لەسروشتی سۆڤیەت گەیشتبوو. ئەو واقیعی دەخوێندەوە، ئەفەندییەکانی دەوروبەریشی کتێب و تیۆریا! بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە من لەوێبووم هیچ کۆمەڵەو لایەنێکی کوردی دانی پێدا نەنرابوو (مەگەر دوو سێ ساڵی دوای یازدەی ئازارو رێککەوتن لەگەڵ بەعسییەکان). وشەی کوردو کوردستان لەمیدیای سۆڤیەتیدا قەدەغە یا نیمچە قەدەغە بوو، ئەگەر شتێک هەبووبێ نەورۆزێکی بچوک بوو کە بۆ ئەو میللەتە هەژارە دەکرا، بەڵام دەبوایە ئەویش لەرێی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوەو لەجێگایەکی دەرەوەی مۆسکۆ با، نەوەک باڵوێزخانەی عێراقی خوا نەکا هەستی پێ بکاو دڵی ناسکی گەردی لێ بنیشێ. لەبەعسی دڵسۆزتر بوون بۆ بەعس. وەک تاکە کەسیش، ئەوا وەک عێراقی‌و سوریایی‌و تورکیایی‌و ئێرانی حیسابیان لەگەڵ دەکردین. ئەگەر هەندێ شتیش کرابێ بۆ کورد ئەوا لەرێگەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و بەتایبەتیش بەهەوڵ و هیممەتی کاک عەزیز محەممەد بووە کە دەیان کوردی ناکۆمۆنیست و تەنانەت هی بەشەکانی تری کوردستانیش دەهاتنە سۆڤیەت و خوێندنی خۆیان تەواو دەکرد. بەڵێ لەم رووەوە شت کراوە، بەڵام کە ئەمە بەراورد دەکەی لەگەڵ ئەو سازشکاری‌و چەکفرۆشی‌و پشتگیرییەی بەدرێژایی وجودی خۆی یەکێتی سۆڤیەت لەداگیرکەرانی کوردستانی دەکرد ئەوا حەواندنەوەی هەندێ خوێندکارو شتی لەو بابەتە بەهیچە دێتە بەرچاو. هەر سۆڤیەت نا، رووسیای ئێستاش، لەکۆمۆنیستەکانەوە بگرە تا دەگاتە فاشیستەکان، ئیش و کاریان پاراستنی سەددام و دیکتاتۆرەکانی ترەو چاویان بەرایی نادا تەنانەت ئەو بستە عەردە نیمچە ئازادەش ببینن کە ئێستا لەباشوور هەیەو لەمیدیای خۆیاندا هەمیشە بەگاڵتەوە باسی "دەسەلاتی خۆکردی باکووری عێراق" دەکەن.

*** بەڵام سۆڤیێتییەکان وەک کۆمۆنیستێکی عەرەب مامەڵەیان لەگەڵ بەرێز عەزیز محەممەد دەکرد، لەکاتی پێبەخشینی میدالیای لینین وایان ناساند بوو؟**

سەرۆک مستەفا بارزانی واقیعی دەخوێندەوەو ئەفەندییەکانی دەوروبەریشی کتێب و تیۆریا

— من باسی سیستەمی بیرکردنەوەی رووسم بۆ کردی. بەڵێ ئەوە سیاسەتی سۆڤیەت بوو، سیاسەتی سۆڤیەت ئەوە بوو کە قەت ناوی کورد وەک گەلێکی بندەست نەیێ. پیاوێکی گەورەی وەک عەزیز محەممەدیش نابێ لەگەلێکی بێ دەوڵەتی وەکو کورد هەڵکەوێ. کەسانی وەک کاک عەزیزو کاک کەریم ئەحمەد کوردایەتیی خۆیان نەدەشاردەوەو زۆر شتیشیان دەکرد. ئەوان وەک خالید بەگداش نەبوون. سۆڤیەتییەکان وەک من و جەنابت دەیانزانی کوردن، بەڵام دڵی عەرەبەکانیان نەدەشکاند. سەگی بەردرگەی سەفارەتێکی داگیرکەرانیان بەگەلێکی بێدەوڵەتی وەک کورد نەدەگۆڕییەوە.

باشم لەبیرە کە هەڵبجە کیمیاباران کرا شیڤەرنادزێ، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی سۆڤیەت، گوتی عێراق هیچ شتی واینەکردووە. هەڵبجەی کیمیاباران نەکردووە، پێموایە تائێستاش ئەو رووەرشییەی لەسەرخۆ لانەبردووە.

تاوانی ئەو رۆشنبیرانەی شەڕی براکوژییان خۆش دەکرد بەهیچ شێوەیەك لەتاوانی سەرکردەکان کەمتر نییە

هەروەها لەیەکەمین سالیادی کارەساتی هەڵەبجەدا خۆنیشاندانێک لەمۆسکۆ ساز کرا، خۆنیشاندەرەکان گیران و هەندێکیشیان لەسۆڤیەت دەرکران. دوو کەسیش (سیروان شەریف و عەباس) لەکاتی گێرانەوەیان لەلیبیاوە لەفرۆکەخانەی شێریمێتیێڤە دەستگیرکران و چەند ئەفسەرێکی KGB یان لەگەڵ ناردن هەتا بەغدا. عەباس، کە فەیلییەکی کۆمۆنیست بوو، ئیعدام کرا. کاک سیروانیش، کە دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەدەست رژێمی بەعس رزگاری ببوو، لەلەندەن بینیم گوتی: "ئەوەندەی گریاین و پاڕاینەوە بەڵکو پاسپۆرتەکانمان بدەنەوە، تا بڵێین ئێمە خۆمان هاتووین تەسلیم ببینەوە، کەچی هەر رازینەبوون. بەدەستی خۆیان ئێمەیان تەسلیمی کورگەکانی فرۆکەخانەی بەغدا کرد". تەماشاکە! دەوڵەتێکی زل و زەبەلاح ویستی دڵسۆزی بۆ بەعس نیشانبدا کە ئەوەندە دڵسۆزە بەدەستی خۆی دوو کەسی بەرهەڵستکاری لەسۆڤیەتەوە بۆ هێناوەتەوە. کاک سیروانیش لە لەندەن ماڵئاوایی لەژیان کرد. جێی بەهەشت بێ. ئاواتم ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان و چەپخوازەکان قەت پاساو نەهێننەوە بۆ تاوانەکانی سۆڤیەت بەرامبەر گەلی کوردو گەلانی دیکەی بندەست. ئەو بارە قورسە نەخەنە ئەستۆی خۆیان. نەخاسمە چەپخوازەکانی کوردستان و عێراق کە وەتی هەن خۆیان گەورەترین قوربانیی دەستی دیکتاتۆریەتن. زۆر زانیاری هەبوون جاران لەکۆمۆنیست و ناکۆمۆنیست شاراوە بوون، بەڵام ئێستا ئەرشیفەکان کراوەن و هەزاران بەڵگەو کتێب لەبەردەستدان. خۆ جیاکردنەوە لەسۆڤیەت و رووسیاو کۆمۆنیزمی ئەرتۆدۆکسیی رۆژهەڵاتی کە دواکەوتووترین فۆرمی چەپخوازییەو لەدنیادا هەنگاوی یەکەم دەبێ بۆ گۆڕانێکی نەوعی لەبیری چەپی کوردستانیدا. نابێ بیری چەپخوازی بەئاگری ستالین و ژادنۆڤ و زوگانۆڤ بسووتێ. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە هەموو حیزبەکانی کوردستانی گەورە، کە لەسەر مۆدیلی سۆڤیەتی دامەزراون، دەبێ چاو بەخۆیاندا بگێڕنەوەو کەڵک لەچەپی ئەوروپایی وەربگرن.

*** سەرەرای هەندێ هەوڵ و چالاکیی باش، بەلام بەشێوەیەکی گشتی کارو چالاکی رۆشنبیران و رەڤەندی کوردی دەرەوە لەئاستی پێویست دانییە، بۆچی؟**

— جاری ماومانە فێری کاری دەستە جەمعی ببین. چینی ناوەنجیی کوردستانی زۆر لاوازە. سەرمایەی تازە گوورامان هێشتا شەرمنەو ناوێرێ خۆی لەپرۆژەی رۆشنبیری بدا. ئەو حیزبحیزبانێیەی کوردستان لەدەرەوەش رەنگی داوەتەوە. ئەوێ دیوی دەرەوەی ئێرەیە. لێرە تەقەیەک بکرێ لەوێ دەنگ و رەنگ دەداتەوە. حیزبایەتی کارێکی نێگەتیڤی کردۆتە سەر کارو چالاکیی رۆشنبیران و دابەشی کردوون. هوشیاریی حیزبایەتی زاڵە بەسەر هوشیاریی نەتەوەییدا. پەرتبوونی رۆشنبیران بەهۆی شەڕی خۆتڕێنی براکوژییەوە گەیشتە ئەوپەڕی‌و تائێستاش برینە قووڵەکانی لەجەستەی رۆشنبیریمان قەتماخەیان نەگرتووەو پێم وایە تا ئەیامێکی درێژیش هەر خوێنیان لێ دەچۆڕێ. رۆشنبیران، کە پێشتریش لەبەر هۆی ئیدیۆلۆژی‌و دەقپەرستی هێندە کۆک و یەککرتوو نەبوون، بەجارێک لێک ترازان و بەسەر چەند بەرەیەکدا، بەگوێرەی هەڵوێست لەشەڕەکە، دابەش بوون. تەنانەت هەندێ رۆشنبیر ئاگری شەڕی برا کوژییان خۆش دەکرد. تاوانی ئەوان بەهیچ شێوەیەک لەتاوانی سەرکردەکان کەمتر نییە. میرغەزەبەکان نەیان دەتوانی هەزاران رۆڵەی کورد بەکوشت بدەن ئەگەر لەشکری زورناژەن و دوڵەنگێوان دەستەچیلەی ئاگرەکەیان بۆیان دەستەبەر نەکردایە. هەر لەبەر ئەوەش لەچەند کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا گوتوومەو ئێستاش دەیڵێمەوە، پێویستە "رۆشنبیران"ی لەم بابەتەش، وەک سەرکردەکان، داوای لێبووردن لەقوربانییانی ئەو شەڕە بکەن. هیچ نەبێ بۆ ئەوەی ویژدانی خۆیان بەهەسێننەوە. هەڵبەتە، رۆشنبیری وڵاتپارێزو بەهەڵوێستیش هەبوون و هەن، بەڵام ئەو هەموو دەرفەت و کەناڵە رەنگاورەنگانەی حیزبەکان هەیانە ئەمان نییانە. دەیان رووناکبیری شەهادەداری زمانزانی لێهاتوو هەن کە کەڵک لە بەرهەمیان وەرناگیرێو هەموو دەرگەکانیان لێ داخراوە راکەراکەی نان پەیدا کردنیانە. هەموو گوناهەکەش ناخەمە ئەستۆی حیزبەکان، چونکە ئەوان حیزبن و لەهەلومەرجی جیهانی سێیەمدا دەژین. بەشێکی گوناهەکە دەکەوێتە ئەستۆی خودی رۆشنبیران کە ناتوانن یەکتر بگرن و بن بەهێزێکی حیساب بۆ کراو.

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی گوتم، من سەبارەت بەچالاکیی رۆشنبیری لەدەرەوەی کوردستان، زۆر رەشبین نیم. رۆشنبیری هەر چاپەمەنی نییە. لەهەندەران حەفتانە لێرەو لەوێ کۆڕو سمینارو ئاهەنگ و چالاکیی تر ئەنجام دەدرێن. چەندان سایتی لیبراڵی سەر ئینتەرنێت هەن کە ژمارەی خوێنەرانیان زیاترن لە هی چاپەمەنییەکانی ولات. شەوانە لەپالتۆکەکاندا کۆمەلێک مەسەلەی گەرمی هزری‌و رۆشنبیری‌و سیاسی شەنوکەو دەکرێن. بەشی زۆری بەرێوەبەرانی ئەو سایت و پاڵتۆک و کۆڕو سمینارانە کەسانی لەخۆبووردوون، لەسەر حیسابی کات و گیرفانی خۆیان کارەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن. هەندێکیان نیمچە قوتابخانەیەکن. هەرچی بزاڤی چاپەمەنییە وا نییە. چاپەمەنی‌و کاری پرۆژەیی پێویستیان بەسەرمایەو پشتیوانیی دامودەسگەی دەوڵەت هەیە. ژمارەی کورد لەئەوروپا لەملیۆنێک تێپەڕیوە، کەچی تائەمڕۆش نەک هەر رۆژنامە، حەفتانەمەیەکیشمان نییە. تەلەڤزیۆنێکی ئازادمان نییە. لەگەڵ ئەمەشدا چۆنایەتی (نەک چەندایەتیی) چاپەمەنییەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی دڵخۆشکەرە. بەتایبەتی لەرووی تەکنیکی نووسین و خاوێنیی زمانەوە. ئەو نەهامەتییە تووشی زمانی کوردی بووە لەچاپەمەنییەکانی ولات نەگەیشتۆتە هەندەران. کۆمەڵێک نووسەر هەن بەزمانێکی خاوێنی ستاندارد دەنووسن. هەست بەبەرپرسیارییەتیی خۆیان دەکەن. فێربوونی زمانە بێگانەکان زمانی زکماکی لا خۆشەویست کردوون. کە دەنووسن حیساب بۆ هەر نوختەو وێرگوڵ و حەرفێکی نووسینەکانی خۆیان دەکەن. تەماشایەکی نووسینەکانی مامۆستایان جەمال نەبەزو رەفیق سابیرو فەرهاد شاکەلی‌و حەمەسەعید حەسەن و پشکۆ نەجمەدین و ئەنوەر جاف و ئەمجەد شاکەلی‌و بورهان یاسین و مەهاباد قەرەداخی‌و خەبات عارف و ئەنوەری سولتانی‌و خوالێخۆشبوو ئەکرم عەلی‌و نووسەرانی تری رۆژنامەو گۆڤارەکانی وەک (مامۆستای کورد)و (پەیام)و (خەرمانە)و (رابوون)و (هاڤیبوون)و (نوودەم)و ئەوانی تر بکە. مخابن ئەوانەی ناوم هێنان (هاڤیبوون)ی لێ دەرچێ ئەوانی تر هەموویان لەبەر بێدەرامەتی‌و بێکەسی سەریان نایەوە.

*** تۆ لەنووسینێکی خۆتدا باسی خەڵکی دوورگەی ئۆلاندی سەر بەفینلاندت کردووە، هەروا زۆرجار لەقسەو باسەکانیشتدا باسیان دەکەی، بەراوردی نێوان ئاستی هەستی نەتەوەیی خەڵکی ئۆلاندو کورد بە چ شێوەیەکە؟**

— ئێمەو ئەوان لەدوو قۆناغی جیای فراژیبوونی کۆمەڵایەتیدا دەژین. مەودایەکی دوورو درێژی شارستانیمان لەنێواندایە. ئەوان ئەوروپایین و دەمێکە هەستی نەتەوەیی‌و نیشتمانییان بووژاوەتەوەو سەقامگیربووە، ئەوەی ئێمە بەمافێکی دوورە دەستی دەزانین، ئەوان بەشتێکی زۆر سروشتیی دەزانن. ئەوان خاک و ئاوو هەواو ناوی ولات و زمان و سیمبوڵەکانی خۆیان بەخەڵاتی خوا دەزانن و لەگەڵیان لەدایک دەبن و بۆ هەبوونیان منەتی کەس هەڵناگرن. جگە لەوەش، فینلاندیش، کە ئەوان بەشێکن لێی، لەرووی شارستانییەوە بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئەو ولاتانەی خاکی ئێمەیان داگیر کردوە. سوێدییەکانی فینلاند شەش لەسەتی ولاتەکە پێک دێنن. لەدورگەی ئۆلاندیش بەچڕی دەژین و ژمارەیان ٢٥ هەزار کەسە. سوێدییەکانی ئەو دورگەیە ئۆتۆنۆمییان هەیە. بەلام ئۆتۆنۆمییەکەی ئەوان بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئۆتۆنۆمییە خوێناوییەکەی خۆمان، کە ئێستاش نازانین چییەو چۆنە (باسی فیدرالیش هەر ناکەم، کە گەلی عیراق لەدوارۆژدا بەخێر بڕیاری لەسەر دەدا!!!). وەک گوتم خەڵکی دوورگەی ئۆلاند ٢٥ هەزار کەسن. سنوورو ئالاو پەرلەمان و حکومەت و ئارم و هەموو سیمبولەکانی تری تایبەتی خۆیان هەیە. دورگەکەیان بایەخێکی ستراتیژیی هەیە لەنێوان فینلاندو سوێد، بۆیە نەچوونەتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە. بەمەش کەڵکێکی زۆر لەبازاڕی ئازادی خۆیان وەردەگرن. زمانی سوێدی، وەک زمانی فینلەندی، لەسەرتاپای ولات رەسمییە. لەناوی شەقام و کوڵان و گەڕەکەکانەوە بگرە تادەگەیتە نامەی دامودەسگەکانی ولات هەمووی بەدوو زمانە: فینلاندی‌و سوێدی. هەر سوێدییزمانێک مافی ئەوەی هەیە لەکۆرە گوندێکی ولاتدا بەزمانی خۆی کاروباری خۆی راپەڕێنێ. دورگەی ئۆلاند پەیوەندیی بازرگانیی هەیە لەگەڵ دەرەوەدا، خەڵکەکەی بۆ ئەوەی وەک کەمینەیەک خۆیان بپارێزن سەربازی بۆ فینلاندا ناکەن. هیچ فینلاندییەک مافی ئەوەی نییە زەوی‌و خانوو لەو دورگەیەدا بکرێ. هەر کاتێکیش بزانن بەرژەوەندییان لەجیابوونەوەدایە ئەوا ئاوی لێ ناخۆنەوە. ئەوەی لەچوارچێوەی فینلاند رایگرتوون تەنیا بەرژەوەندییە نەک ئیدیۆلۆژیاو برایەتی‌و مرایەتی‌و تەڕەماش. جا تۆ وەرە داگیرکەرانی کوردستان، کە لەقۆناخێکی تری شارستانیدا دەژین، لەم مەسەلەیە بگەیێنە.

یازدە ساڵە ناوێرین بەرنامەکانی خوێندن بگۆڕین

چەند مانگێک لەمەوبەر پەیامنێرێکی تەلەڤزیۆنی (ئەلجەزیرە) هاتووە لێرە، لەم هەولێرە، بەسەرسوڕمانێکەوە، لەسەرکردەیەکی کورد دەپرسێ: (من منداڵم بینین بەزمانی عەرەبی قسەیان نەدەکرد). باشە بۆ دەبێ منداڵی کورد لەکاولەولاتی خۆی بەعەرەبی قسە بکا؟ ئایا لەبەسرەو بەغدا منداڵی عەرەبان بەکوردی قسە دەکەن؟ ئەدی بۆ دەبێ چاوەڕوانی ئەوە لەمنداڵانی کورد بکرێ؟! یان دڵی توند بووە بەوەی لەهەولێر تابلۆی سەردووکانەکان بەعەرەبی نین ئێ خۆ لە عەمارەش بەکوردی نین!!!! بەڕاستی ئێمە وەکو کورد دەبێ فێربین کە هێندەی سەری دەرزییەک خۆمان بەکەمتر نەزانین. تا ئەوە نەکەین کەس رێزمان ناگرێ. کەس برایەتی‌و دۆستایەتیی کەسانی کۆیلەو زەلیل ناکا.

*** کە لەلیبیا بووی پەیوەندیت لەگەڵ عەرەبەکاندا چۆن بوو؟**

— لەوێ وەک مامۆستایەکی زانکۆ، لەهەمان کاتدا وەک کەسێک کە قەت بیری کوردستانی‌و سەربەخۆییخوازیی خۆم لەکەس نەشاردۆتەوە، پەیوەندییەکی دۆستانەم لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاراندا هەبوو. هەندێکیان بۆم بوونە براو هاوڕێ. پێشتریش لەیەکیەتی سۆڤیەت پەیوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ عەرەبەکاندا هەبوو. بەتایبەتیش کەسانی وەک جەلال ماشتەو فائیز زوبەیدی‌و سعوود ناسری‌و خوالێخۆشبوو غائیب توعمە فەرمان و دەیانی تر، گەلی عەرەب ئەگەر نێزیکترین گەل نەبێ لەکورد، ئەوا بێگومان یەکێکە لەهەرە نێزیکەکان. سەربەخۆییخوازیی کورد بەهیچ شێوەیەک دژی عەرەب و گەلانی تر نییە. تەواو بەپێچەوانە، لەقازانجی ئەوانیشدایە (ئەوەی گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە خۆی ناحەسێتەوە). من، بەگوێرەی ئەزموونی خۆم، دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە کە ئەگەر بەراشکاوی قسە بکەی باشتر تێت دەگەن، بەلام کاتێک دەڵێی من عێراقیم و شەڕی سوپای عێراقیش دەکەی، عەرەبێک کەمتر تێت دەگات. تۆ عێراقیت، بەلام زمانی عەرەبی رەت دەکەیەوە (عەرەبەکان عێراق بەولاتێکی عەرەبی دادەنێن). بەلام، ئەگەر تۆ بڵێی من خەڵکی کوردستانم و هەزاران ساڵە لەسەر ئەو خاکە دەژیم و کلتووررو زمان و سایکۆلۆژی‌و نەریتی تایبەتیی خۆم هەیەو بەزۆر بەعێراقەوە لکێنراوم و دەمەوێ‌و وەک تۆ ئازادبم، پێموایە ئەو کات ئەگەر دوژمنایەتیشت بکات زێتر تێت دەگاو رێزت دەگرێ. بەکورتی، چەند پێ لەسەر لێچوون دادەگرین، دەبێ دوو هێندەش جەخت لەسەر جوودایی نێوانمان بکەین. ئەمەش، وەک پێشتریش گوتم، قەت مانای دوژمنایەتی نییە، بەڵکو رەنگینترو دەوڵەمەندتر کردنی ژیانە. مادام قسە لەسەر دۆستایەتیی عەرەبان دەکەم، حەز دەکەم بەم موناسەبەیە شتێک بدرکێنم، رۆژانی راپەڕین و کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١، زۆربەی ئەو پەیوەندییانەی بەناوی بەرەی کوردستانییەوە لەگەڵ وەزارەت و دامودەسگە گرنگەکانی سۆڤیەت دەمکردن لەرێگەی هاوڕێی خۆشەویستم جەلال ماشتەوە بوو، کە رۆژنامەنووسێکی ناوداری عەرەبی عیراقییەو چل ساڵ زێترە لەرووسیا دەژی‌و دۆستایەتیی لەگەڵ بەرپرسەکانی ئەوێدا هەیە. رۆژ هەبوو سێ چوار مەوعیدی بۆ دادەنام. با چاکە لەبیر نەکرێ. دەیان عەرەب، بەتایبەتیش چەپخوازو کۆمۆنیستەکان، لەخۆپیشاندانە گەورەکەی مۆسکۆ بەشدارییان کرد.

ئێمە پێویستە چ لەئاستی رەسمی، چ لەئاستی تاکە کەسی، گوتاری خۆمان بگۆڕین. دەست لەو موجامەلە شەرماوەرە هەڵگرین. لەگەڵ خۆمان و خەڵکی تریشدا راستگۆ بین. ساڵی ١٩٨٦ کە لەلیبیا بووم، مامۆستایەکی تازەی عێراقی بوو بەدراوسێم. ناوی حەسەن عەبدوڵلا بوو. لەمۆسکۆ خوێندنی بالای تەواو کردبوو، کۆمۆنیست بوو. یەکەمجار بوو لەگەڵیدا قسە بکەم. لەکاتی پێناسەکردندا دەستەواژەی (شیمالی عێراق)ی لەدەم دەرچوو. یەکسەر رامگرت و بەنەرمی تێم گەیاند کە ئەگەر دەیەوێ تاسەر برادەر بین، قەت بەکوردستان نەڵێ شیمال. کاک حەسەن جوامێرانە داوای لێبوردنی کردو بەدرێژایی ساڵانی پێکەوەییمان ئەمەی دووبارە نەکردەوە. ساڵی ١٩٩٨ رۆژێک لەماڵی سەباحی غالب بووم لە لەندەن. نوێنەری حیزبێکی کوردی سەردانی کردم و گوتی لەسەر سەفەرم دەچمە قاهیرە بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەی حیواری کوردی عەرەبی. پێمگوت قوربانت دەبم نەچی! گوتی بۆچی؟ گوتم: کاکە، رۆشنبیرە میسرییەکان تێگەیشتوون کە میللەتێک هەیە پێیدەڵێن کوردو ولاتەکەی بندەستەو دەیانەوێ وەک هەموو مەخلووقاتی خوا سەربەخۆ بن. بەڵێ، رەنگە وەکوو عەرەبێک ئەوەیان پێناخۆش بێت، بەلام تێدەگەن. تۆ ئێستا دەچی بەعەرەبییەکی رەوان پێی دەڵێی لەوەتەی هەین خزمەتکارتانین. ئێمە سەلاحەددینمان دا بەئێوە، شەوقی‌و رەسافی‌و زەهاویمان دا بەئێوە. بنەماڵەی تەیموور بەدرخانەکانمان دا بە ئێوە. ئێمە هەر خزمەتکاری ئێوەین و پێڵاوتان بۆ دادەنێین و هیچمان ناوێ، بێجگە لەحوکمێکی زاتی‌و یا بەعزە حقوقێکی مەشرووعە! دەچن سەریان لێ دەشێوێنن. هەر واش دەرچوو! پاشتر کتێبەکەی بۆ ناردم، کە ناوەرۆکی حیوارەکەی تێدابوو. هەمووی بریتی بوو لەباسی برایەتی‌و موجامەلە کردنی یەکتر.

ئێمە دەبێ لەگەڵ خۆمان و خەڵکی تریشدا راستگۆ بین. موجامەلەو دووڕوویی دادمان نادا. ئێمە دەبێ شەرم نەکەین هەموو لایەک تێبگەیەنین، کە ئۆتۆنۆمی‌و فیدرالیش دەبێ لەسەر بناغەی مافی چارەنووس بێ. یا بەواتایەکی تر دەبێ سەربەخۆیی بێ لەسنوورێکی جوگرافیایی کیانێکی گەورەتردا. فیدرالی‌و کۆنفیدرالیش هیچی لە جێ شین نابێ ئەگەر لەسەر بنچینەی سەربەخۆیی‌و مافی چارەنووس نەبێ. ئێستا تۆ لەبەشێکی باشووری کوردستانی ئازاددا دەژیت، بەلام ناوێری پارچە پەڕۆیەک بکەیە رەمزی ئەو خاکە ئازادە، لەکاتێکدا هیچ حوکمێکی فیدرالی لەدونیادا نییە ئالای نەبێ. تەنانەت هیچ سوپەر مارکێتێکیش نییە ئالای نەبێ. تۆ جورئەت ناکەی و متمانەت بەخۆت نییەو واتێدەگەی بەزۆرداری شتێک لەعەرەب دەستێنی. کەچی لەراستیدا تۆ شتێکی زۆرت لای ئەوە کەموکەیەکی وەردەگریتەوە. رۆژانە هەزارو یەک سوێندو قوربان دەخۆی کە سەربەخۆییت ناوێ. ناوێری ناوی ولاتی خۆت (کوردستان) بەرووتی بێنی، هەر دەبێ (هەرێم)ێکی وەپێشدەی‌و (عێراق)ێکیشی وەپاشدەی‌و بڵێی (هەرێمی کوردستانی عێراق). یا لەخۆتەوە، بێ ئەوەی داوات لێ کرابێ، شیمالەکەی جاران دەکەی بە(هەرێم)! نەک هەر هێندە، بگرە هەندێ گەندەپیاوی خوێڕیلەی حیزبی لەتەلەفزیۆنە عەرەبییەکان ناماقوولی دەکەن و دەڵێن (شیمال). یازدە ساڵە ناوێرین بەرنامەکانی خوێندن

بۆل١١

سکرتێری گشتیی YNDK لەگەڵ ڕێکخستنەکانی سنووری هەرێمی هەولێر کۆدەبێتەوە

کاتژمێر ٢,٥ی پاش نیوەڕۆی ٢٠٠٣/١/٣٠ هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی یەکێتیمان YNDK بەئامادەبوونی هەڤاڵ خالد مەحموود – ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و بەرپرسی هەرێمی هەولێر لەهۆڵی شەهید سەربەست لەبارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لەگەڵ ئەندام و کادیرانی سنووری ڕێکخستنی هەرێمی هەولێر کۆبۆوە، لەکۆبوونەوەکەدا هەڤاڵ سکرتێری گشتیی ڕەوشی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو جیهانی بۆ هەڤاڵان ڕوون کردەوەو، باسی لەئەگەری پێشهات و گۆڕانکارییە سیاسییەکان و ئامادەیی YNDKی بۆ ئەم مەبەستە کردو، چەند ڕێنماییەکی لەم بارەیەوە بۆ هەڤاڵان خستەڕوو. هەروەها داوای لەتەواوی ڕێکخستنەکانی YNDK کرد لە کاتی هاتنەپێشی هەر گۆڕانکارییەکدا وەك کوردێك دوور لە گیانی بەرتەسکی حزبایەتی هەڵسو کەوت بکەن و لە ئامادەباشی دابن. ئەمەو کۆبوونەوەکە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.

بەڕێز مەسعود بارزانی .. .. پ

ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا باسی دیاریکردنی سنووری کوردستان دەکرێ گوتی: (جارێ دیار نییە) لەبارەی شێوەی فیدرالیزمیشەوە گوتی: (فیدرالیزمێکی تایفی "ئەتنیکی" نابێ، ڕەنگە لەسەر بنچینەیەکی جوگرافی بێت. ئەگەری زیاتر ئەوەیە). لەو بارەیەشەوە کە ئایا ئەو دەنگۆیە ڕاستە کە لەکاتی دەستپێکردنی شەڕدا هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا دەست بەسەر کەرکوك دادەگرن و لێناگەڕێن کورد بچنە ناوی، ئایا ئەمریکیەکان شتێکی وایان لەگەڵ باسکردوون وتی: منیش ئەوەم لەهەندێك ڕۆژنامەدا خوێندووەتەوە، بەڵام ئەمریکیی بەریتانییەکان لەهیچ دانیشتنێکدا شتێکی وایان لەگەڵ دا باس نەکردووین.

هەر لەو هەڤپەیڤینەدا لەبارەی ئەگەری کۆڕەوێکی تازەی کوردان گوتی: (ئەز باوەڕ ناکەم ئەو جارە کەس ئاوارە ببێت، ڕەوشی ئێستا وەك ڕەوشی جاران نییە. سوپای عێراق ناتوانێ وەك ساڵی ١٩٩١ بێتە کوردستان، عێراق ناتوانی هێرش بکاتە کوردستان).

سەبارەت بەو پرسیارەی عارف زێرەڤانیش کە KADEK ئێستا هێرشدەکاتە سەر پێگەکانی سوپای تورکیا تاوەکو بەهانەی موداخەلە کردنی باشوور بداتە دەست تورکیا، گوتی: (ئەگەر ئەوان وابکەن ئەوا بەهانەیەکی زۆر گەورە دەدەنە دەست تورکیا، ئەوە هێندە ساڵە شەڕیان ڕاوەستاندووە بۆچی ئێستا دەستی پێدەکەنەوەو گیروگرفت دروست دەکەنەوە).

هەر لەو هەڤپەیڤینەدا بەڕێز مەسعود بارزانی جارێکی دی دووپاتیکردەوە کە ئەو قبول ناکات ببێتە سەرۆکی کوردستان و عێراق، و دوای ڕزگاری گەل کوردو عێراق واز لەدەسەڵات دێنێت.

کەسوکاری ٣٠ پەنابەرەکە .. .. پ

ئەو کارەساتە بڵاوکردۆتەوە لەنامەیەکیدا بۆ (فاروق الشرع)ی وەزیری دەرەوەی سوریا، کە وێنەیەکی دراوەتە میدیا، داوایکردووە کە سوریا ڕێگە بدات و کارئاسانی پێویست بکات بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ٧ لاشەیە، چونکە تائێستا خێزانەکانیان لەچاوەڕوانیاندان و لەئیتالیا کەس ئەو لاشانە ناناسێتەوە.

KNC نامەیەك ئاراستەی.. .. .. پ

لەو نامەیەدا وێڕای ئاماژەکردن بەدانپێدانانی جاك سترۆی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەم دواییانەدا بە لێپرسراوێتی بەریتانیا بەرامبەر کێشەکانی ناوچەکە بەهۆی دروستکردنی چەندین دەوڵەتی دەستکرد لەناوچەکەدا لەدوای شەڕی جیهانی دووەم، سەرنجی بۆشی بۆ ناگونجاوی پاراستنی سنووری دەستکردی ئێستای عێراق ڕاکێشاوەو داوایکردووە کە ئەمریکا لەڕێگەی ڕێگەدان بە ریفراندۆم دەوڵەتی ئازادو بناغەی دیموکراسی لەناوچەکەدا جێگیربکات.

عەبدوڵڵا پەشێو: سۆڤیەت بەدرێژایی .. .. پ

بگۆڕین. مێشکی منداڵی کورد بەبیری شۆڤێنیستانەی عەرەبی سیخناخ دەکەین. لەباکووری کوردستان کارەسات و نەهامەتییەکە هەر گەلێك گەورەترە. کوردو حیزبە سیاسییەکانی کوردان زۆر بەجیددی چاوەڕێیان دەکرد، یاسایەك لەپەرلەمانی تورکیا دەربچێ ڕێگایان بدا لەماڵی خۆیان بەکوردی قسە بکەن! شتێکی زۆر سەیرە. تۆ باوەڕ دەکەی میللەتێکی پانزە بیست ملیۆن کەسی چاوەڕێی ئەوە بکات بێگانە یاسایەکی بۆ دەربکات بۆ ئەوەی لەوڵاتەکەی خۆی، لەماڵەوە، لەگەڵ منداڵەکانیدا بەزمانی خۆی قسە بکا؟ ئەو جۆرە خۆ بچووککردنەوەیە دەبێ لەکوێی دیکەی دنیادا هەبێ؟

وەڵامێکی هێمنانە بۆ (عەزیز قادر سامانچی): .. .. پ

لەبارە، بەدەیان ڕێکخراوو پارت و کۆمەڵەی تورکمانی، سەریان هەڵدا، کە زۆربەی سەرکردەکانیان، بەتایبەتی ئەوانەی لەناو بەرەی تورکمانیدا کوبوونەتەوە، لەپێش ڕاپەڕین دا، لەڕیزەکانی سوپاو ئەمن و ئیستخباراتدا بوون و دەستێکی بالآیان هەبوو لەسەرکوتکردن و ڕاوە کورددا.

٥-ڕژێمی تورکیا لەساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦، لەژێر ناوی ڕێکخراوی خاچی سووری تورکیاو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکاندا، چەند ترێڵە خواردنێکی دەهێنایە کوردستان و تەسلیمی ئەو پارتە تورکمانیانەی دەکرد بۆ دابەشکردنیان. پارتە تورکمانیەکانیش، دەیاندایە ئەو کەسانەی کە ئەندامی خۆیان بوون. لەم کاتەدا، کە گرانیو قات و قڕیو بێکاریو نەبوونی موچەی مانگانە، باڵی بەسەر خەڵکی کوردستاندا کێشابوو، بەناچاری خەڵك گەلێکی کورد دەبوونە ئەندامی ئەو پارت و کۆمەڵانە، بۆ دەستەبەر کردنی پسولەی ئەرزاق، کە بەشی هەرە زۆریان لادێ نشین بوون و بەزمانی تورکمانی یەك ڕستەیان بۆ دروست نەدەکرا. ئەگەر بەرە ئەوانە بەتورکمان حسێب دەکات، با دەست لەم خەونە نەزۆکە هەڵبگرێت، کە ڕژێمی تورکیاشی پێ چەواشە کردووە.

٦-گلەییەکیشمان لەسەرکردایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) هەیە، چونکە ئەو هەواڵانەی کە لەسلێمانیەوە دەگەن، دڵخۆشکەر نین. گوایە:

– یەکێتی ٤٠٠ پارچە زەوی لەکۆیە داوەتە بەرەی تورکمانی بۆ نەخۆشخانەو ئەو ماڵە تورکمانە دەرکراوانە(٨).

– ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/٧، یەکێتی تاپۆی (١٠) هەزار مەتر چوار گۆشەی زەوی گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی دایە (بەرەی تورکمانی)(٩).

ئەوە لەکاتێکدا کە ژمارەی تورکمان لەسلێمانی هەر نییە یان لەچەند ماڵێك تێپەڕ ناکات.. ئەو هەموو ناز ڕاگرتنە، لەپاداشتی ئەو داخۆیانەی (مستەفا کەمال یایچلی) ئەندامی شورای بەرەی تورکمانییە، لە ٢٠٠٢/٨/١دا لە کەناڵی (CNN Turk) کە گوتی: (.. لەساڵی ١٩٩٢وە پەرلەمان هەیە، ئێمە دانی پێدا نانێین، ئێمە شورامان هەیەو ئەم شورایە تاکە دەزگایە کە نوێنەرایەتی گەلی تورکمانی دەکات.. دەبێ ناوچەکانی کەرکوك و موسڵ و بەشێك لەهەولێر بۆ تورکمانەکان و ناوچەکانی دهۆك و سلێمانیش بۆ کوردەکان(١٠) بێت.

هەموو ئەو داخۆیانە چەواشەکارییانە لەکاتێکدایە کە تورکمانەکان لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا، دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسیو کولتوریان هەیەو بەزمانی خۆیان دەخوێنن و چەندان ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی تەلەڤزیۆنیان هەیە، کە لەسەردەمی بەعسدا بەخەونیش نەیانبینیوە.

تورکمانەکان لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا، نەك لەژێر فشاردا نین، بەڵکو خاوەن فشاریشن و بەردەوام ئیهانەو ئیستیفزازی خەڵکی کوردستان دەکەن، با کاك عەزیزو بەرەی تورکمانی، داخۆیانەکانیان بۆ پاش هەڵبژاردن هەڵبگرن و دەست هەڵگرن لەو چەواشەکارییە کە لەبەرژەوەندی کوردو تورکمان و سەرجەم گەلانی عێراقدا نییە.. باچیتر نەبنە کوڕی ڕۆژو لەهەڵبژاردنی داهاتوودا، بەقەناعەتەوە کەسایەتی نەتەوایەتی خۆیان دیاری بکەن.

سەرچاوەکان:

١-فەیسەڵ دەباغ، کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری ساڵی ١٩٩٧دا، بەشی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٠.
٢-هەمان سەرچاوە، ل١٠.
٣-هەمان سەرچاوە، ل١٠.
٤-د.عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆ، دیمۆگرافیای باشووری کوردستان سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٧٣.
٥-هەمان سەرچاوە، ل٨٠.
٦-هەمان سەرچاوە، ل٥٤.
٧-د.جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی بۆ کوردی، کوردۆ عەلی، سوێد، ١٩٨٥، ل١.
٨-ڕۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (١٢٩)، ٢٠٠٢/٨/١٥ کە ئەویش لەڕۆژنامەی (تورکمن إیلی) ژمارە (٤٨٣)ی ٢٠٠٢/٧/٢٨ی وەرگرتووە.
٩-میدیا، ژمارە (١٣٦)، ٢٠٠٢/١١/١٦.
١٠-میدیا، ژمارە (١٢٩)، ٢٠٠٢/٨/١٥.

دیدارو سەردانەکانی YNDK

هەرێمی هەولێر.

* کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٣/١/٢٦ شاندێکی هەرێمی هەولێری یەکێتیمان YNDK کەپێکهاتبوو لەهەڤاڵان (خالید مەحموود بەرپرسی هەرێم و بەدرخان سلێمان و جەلال سمایل و سەردار دیبەگەیی– کارگێڕانی هەرێم) سەردانی کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبی شیوعی کوردستانیان کرد. بەگەرمی لەلایەن بەڕێزان کاك تەلعەت قەساب و کاروان عەبدوڵڵا و ئەحمەد شاهین، ئەندامانی ناوەندی پەیوەندییەکان پێشوازی کران. لەدانیشتنێکی یەك کاتژمێریدا جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هەردوولا کرا، هەروەها باس لەڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە کرا.

هەرێمی سۆران

* کاتژمێر ١٠,٥ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٣/١/٢٨ شاندێکی لقی ١٠ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان (شەجیع بارزانی و ئازاد سرێشمەیی کارگێڕانی لق و کوێستان حەمەد ئەندامی پەیوەندییەکان و جەواد سیامەند بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوچەی سۆران (٢)ی PDK سەردانی هەرێمی سۆرانی یەکێتیمانیان کردو لەلایەن هەڤاڵان (هاوبیر ڕەسوڵ سەرپەرشتیاری هەرێم و پاڵە گەردی بەرپرسی هەرێم و کارگێڕان و ئەندامانی هەرێم) بەگەرمی پێشوازی کران.

لە دانیشتنەکەدا باس لە پەیوەندی هەردوولاو دوا گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و عێراق کرا.

قیبتیەکانی میسر داوای بەڕەسمیکردنی .. .. پ

هاتووە کە بەفەرمینەکردنی ئەو ڕۆژە دژی دەستوری میسرە کە لەبەندێکیدا دەڵێ نابێ بەهۆی زمان و ڕەچەڵەك نەتەوەیی و ڕەگەز و ئایین و باوەڕ جیاوازی لەنێوان هاوڵاتیاندا بکرێ. بۆیەش نابێ سەری ساڵی مەسیحیەکان و موسڵمانەکان پشوو بێو هی قیتبیەکان هەو نەبێت. بەتایبەتیش کەتاوەکو شۆڕشی یۆلیۆ بەسەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر لەساڵی ١٩٣٥ وەکو هەموو جەژنەکانی دیکە پشووی فەرمی بووە.

هێژای گۆتنێیە سەری ساڵی قیتبیەکان کە بە (جەژنی نەورۆز) ناسراوە دەکەوێتە ڕۆژی ١١ی ئەیلول.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)

ئەفسەرانی سوپای ڕژێم .. .. پ

خزم پەرستبووەو چەندین ئەفسەری عێراقی بەسێدارە دان داوە. هەروەها ئەو عەقیدە ڕایگەیاند، کە ئەوو زۆر ئەفسەری دیکە ئامادەن شایەتی لەسەر بەشداریکردنی خەزرەجی لە کۆکوژی کورد بدەن.

شایانی باسە کە دادگای شاری (Soro)ی دانیمارك لەڕۆژی ٢٠٠٣/١/١٧ بۆ جاری سێیەم بۆ ماوەی مانگێك بڕیاری دەستبەسەر کردنەوەی خەزرەجی دا، هەروەها داواکاری گشتی ڕایگەیاند کە لەکاتی پشکنینی ماڵی خەزرەجی لە ٢٠٠٢/١١/١٩ لیستی ناوی سیخوڕەکانی ڕژێم و ناونیشانی ئەوانەی شایەتن لەسەریو، هەوڵی دادگاییکردنی دەدەن دۆزراونەتەوە.

KADEK: چیتر لەبەرامبەر هێرشەکانی.. .. .. پ

هەفتەیە سەردانێکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕاگرتووەو هێرشمان دەکاتە سەر. عوسمان ئۆجەلان هەروەها ڕایگەیاند کە ئەوان تاوەکو ئێستا فەرمانی دەستپێکردنەوەی شەڕیان نەداوە بەڵام ئەگەر ئەمجارە دەست بەشەڕ بکەنەوە شەڕی ئەوجارەیان زۆر توندو دژوار دەبێت. لەهەمان کاتدا داوای لە کچان و کوڕانی کورد کرد ڕووبکەنە چیاکان.

هێژای گۆتنێیە کە دوای ڕاگرتنی شەڕی چەکداریو ئەو تەنازولە زۆرانەی کە KADEK (PKKی پێشوو) لەبەرامبەر تورکیادا کردی، بوونی سیاسیو جەماوەریو چەکداری ڕۆژ بەڕۆژ لەلاواز بووندایە.

ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕۆشنبیراندا: .. .. پ

بەبێ پرسی حیزب هیچ ناکرێ. ئەوەش بەڕای من ڕاست نییە. من لەمێژە سەرنجم لەسەر ئەو لایەنە هەیە، چونکە بەتایبەتی مامۆستای زانکۆ نابێ وەکو پاڵپشتێك تەماشای حیزب بکا، لەبەرئەوەی هێزو توانای مامۆستا لایەنە زانستییەکەی خۆیەتی. بێگومان مرۆڤی بێ تواناش زیاتر چاوی لەحیزبە نەك لایەنە زانستییەکەی.

*** بۆچی لەسەرۆکایەتی بەشی وەرزشی کۆلێژی پەروەردەوە بوویە وانەبێژی کۆلێژی ئاداب؟**

ئەوە لەئەنجامی تێکنەگەیشتنێك بوو لەنێوان من و سەرۆکایەتی زانکۆ، ئەوان نەیاندەویست لەترسی حیزب و حکومەت دان بەو کەموکوڕیانەدا بنێن کە لەسەر ئاستی زانکۆدا هەن، منیش دەمگوت بگوترێن و بنووسرێن و بڵاوبکرێنەوە، ئەوەندە دژی ئەو بۆچوونەی من بوون کە لەئەنجامدا ناخۆشییەکی گەورەی لێکەوتەوە. دەسەڵات و حیزبیش پشتی سەرۆکایەتی زانکۆیان گرت و ئەوانیان پێ باشتر بوون لەمن.

*** دەڵێن دوای ئەو کێشەیە نیازی ئەوەت هەیە بچییە دەرەوە؟**

– وەڵڵا ئەگەر بەنیازبم هەموو لەحزەیەك دەتوانم بچمە دەرەوە، بەڵام ئەو نیازەم نییە. من ئەوە دە ساڵە گەڕاومەتەوە، لەناخۆشترین کاتەکانی شەڕی ناوخۆدا نەچوومە دەرەوە. کاتی خۆشی دەمزانی دەگەڕێمەوە کوێو من شارەزای کۆمەڵگای خۆم بووم. هیچ ساتێك بیرم لەچوونە دەرەوە نەکردووەتەوە، چونکە من بۆ کەسانێك نەهاتوومەتەوەو لەڕقی کەسیش ناچمە دەرەوە. ئامانجم ئەوەیە خزمەتی کۆمەڵگای خۆم بکەم و هەر هیچ نەبێ ساڵانە کاریگەریم لەسەر دوو سێ قوتابی هەبێ.

*** واتە لەگەڕانەوەت بۆ وڵات پەشیمان نی؟**

– نەخێر هەرگیز.

*** مامۆستا هەست ناکەی کە لەدەرەوە بووی نووسین و لێکۆڵینەوەت زیاتربوون؟**

– بەڵێ ئەوە ڕاستە، چونکە لەدەرەوە کاتم زۆرتر بوو. بەڵام لێرە ئەو دەرفەتەم نییە لەبەر ئەوەی زۆر کارم هەیە، وانە گوتنەوە، هەڵسەنگاندنی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی بۆمان دێت و سەرپەرشتیکردنی قوتابیانی خوێندنی باڵا. هەر ئێستا بۆ نموونە خەریکی هەڵسەنگاندنی پەرتووکێکی وەزارەتی ڕۆشنبیریو ماستەرنامەی قوتابییەکم و نامەیەکی دکتۆرام.

*** یەکێك لەداخوازییەکانی قوتابیان لەڕێپێوانی ٢٠٠٢/١٢/٢٨دا سنووردانان بوو بۆ مامۆستا کۆنە بەعسیەکان، بوونی ئەو کۆنە بەعسیانە چەندو چۆنە؟**

– من بۆچوونێکی تایبەتیم هەیە بەرامبەر کۆنە بەعسی، بەڕاستی ئەوانەی کەرابردوویەکیان هەیە لەگەڵ حیزبی بەعس دا، بەتایبەتی ئەوانەی پلەی بەرزیان لێوەرگرتبوو مەعنای وایە کە خزمەتێکی زۆری بەعسیان کردووە، بۆیە ئەوانە هەقە لەناو کۆمەڵگای دوای بەعس دا زۆر هەستیارانە ڕەفتار بکەن و زۆر نەرمبن و خۆ دەرنەپەڕێنن تاخەڵك ناچار نەبێ وەبیریان بخاتەوە کە چیبوونە. ئەگەرنا وەکو دیکە مافی ئەوەیان هەیە بەرووح و عەقلێکی نوێی دوور لەبەعس کار بکەن.

*** بەڕای تۆ بۆچی ڕەخنەی قوتابیان گەیشتە ڕادەی ڕێپێوان و هاتنە سەر جادە؟**

– یەکەم، لەبەر ئەوەی تادێت وردە وردە قوتابیان زێتر چاویان دەکرێتەوەو زیندووتر دەبن و هەندێ داواکاری زۆر بەپەلەو گرنگیان هەیە. دووەمین، ئێمە کاتێك مامەڵە لەگەڵ زاراوەو چەمکی وەك کۆمەڵگەی مەدەنی، مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و دیموکراسی دەکەین کە ئەو چەمکانە کار دەکەنە سەر وشیاری کۆمەڵایەتی دەبێ چاوەڕوانی هەموو جۆرە دەربڕینێکیش لەخەڵك بکەین. ئێمە کەخۆشمان بەدیموکراسی دەزانین دەبێ سینگیشمان فراوانبێ تەحەمولی ڕێپێوان بکەین و دەبێ بەدەنگ داواکارییەکانیشەوە بچین تاوەکو نەبنە ڕێپێوان.

بەداخەوە .. .. پ

پاش ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی گەلەکەشمان و تا ئەو نزیکانەش پلەو پایەی گرنگیشیان هەبوو لەوەزارەتی ناوخۆو چەندین وەزارەتی تری ڕژێمدا. ئایا ئەمە زەمینە خۆشکردنە بۆیان تا لەحکوەتی ئایندەی عێراق و سوپاکەی ڕۆڵیان هەبێت؟! باشە بۆچی باسی ئەو شەهیدانەی وەك (مولازم سەمەد) ناکەن کە سەربازە عەرەبەکانی خۆی لەدۆڵی سماقوڵی کوشتیان چونکە دەیویست پەیوەندی بەپێشمەرگەوە بکات. یان (مولازم محەممەد ئەحمەد عەبدوڵڵا) کە لەسێپیلك لەسەر دەستی ئەو سوپایە کوژرا چونکە پێشمەرگە بوو. یان چوار ئەفسەرەکەی کۆماری مهاباد کە بەدەستی عەبدولئیلا لەسێدارە دران، یان دەیان ئەفسەری کوردی دیکەش کە بەدەستی هەمان ئەو شۆڤێنییە عەرەبانە لەنێوبران. یاخود ئەو سەدان ئەفسەرەی کەدوای پیلانی شومی جەزائیر لەزۆنگاوو بیابانەکانی باشوور ببوونە کرێکارو جوتیارو کارمەند. ئایا سوپای عێراقی ئایندەش دەبێتە سوپای عەرەبچێتیو نەتەوەی عەرەبی. دوورنییە!! چونکە لەسیستەمی فیدرالی عێراقی نوێدا هاتووە کەعێراق ئەندامێکی جامیعەی وڵاتانی عەرەبییە. پرسیار ئەوەیە ئایا دیسانەوە دەهۆڵی شەڕ بەسەر کورددا لێدەدرێتەوەو ئەفسەرە کوردەکانیش دەبنە پاڵپشتی عەرەب بۆ زوڵم و ستەم کردن لەکورد؟!.

ئێمەی ئەفسەرانی کورد ئەو پەردەیەی کە ساڵانێکی دوورو درێژ بەرچاوی گرتبووین، نەماوە. بەسە باپەندێك لەمێژوومان وەربگرین و نەهێڵین پەردەیەکی تر بەرچاومان بگرێتەوە. چونکە بەداخەوە ئەو سوپایە تەنها بۆ عەرەب مایەی شانازییە، چونکە ئێمە تائێستا نەخوێنی شەهیدانمان وشك بۆتەوە، نە فرمێسکی خانەوادەی ئەنفالکراوەکانمان کە بەدەستی ئەم سوپایە لەنێوبردراون.

* عەقیدی خانەنشینی سوپای عێراق.

سەمیناری مامۆستا جەمال نەبەز لەشاری کۆڵن

کۆمەڵی کوردەکانی دەرەوەی وڵات لە ئەڵمانیا (کۆمەڵ) هەڵدەستێ بە سازدانی سەمینارێك بۆ ڕۆشنبیری نەتەوەیی کورد مامۆستا جەمال نەبەز لەشاری کۆڵن، ئەم سەمینارە لەم بابەتانەی خوارەوە دەکۆڵێتەوە بەهۆی وتووێژەوە لەگەڵ بەشدارانی سەمینار.

١-یازدە ساڵە بەشێکی گەورە لە باشووری کوردستان بەدەست دوو زلحیزبی کوردییەوەیە. ئایە ئەم دوو زلحیزبە پێویستی سەرشانی خۆیان بەرامبەر نەتەوەی کورد بەباشی بەجێهێناوە؟ ئەگەر بەجێیان نەهێناوە، دەیانتوانی چیبکەن و نەیانکردووە؟ هۆی نەکردنیان چی بووە؟

٢-ئایا ئەگەر ئەمریکا دەستی لەسەددام وەشاند، کورد دەتوانن چ دەورێك ببینن لەکاتی جەنگ و دوای جەنگدا؟ دوارۆژی عێراق چۆن دەبێ؟

٣-هەنگاوی یەکەم لەخۆ ئامادەکردنی بەرهەڵستکارانی عێراقی بۆ ڕشتنی ڕەنگی دوارۆژی عێراق و باشووری کوردستان کۆنفرانسی لەندەن بوو (١٤-٢٠٠٢/١٢/١٧) ئایا کۆنفرانسی لەندەن سەرکەوتنێك بوو بۆ کورد، یان ژێرکەوتن و کشانە دواوە بوو؟

٤-لەهەموو جیهاندا بەتایبەتی لە ئەوروپاو ئەمریکاو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خەڵکانێك کەوتوونەتە خۆپیشاندان لەدژی ئەمریکا بۆ ئاشتیو پەلامارنەدانی عێراق، ئایا سەرچاوەی ئەم بزووتنەوەیە لەکوێوە هەڵدەقوڵێ و ئەم چالاکیە لە بەرژەوەندیی کێدایە؟

٥- کوردەکانی ئەوروپاو ئەمریکا سەربەستییان گەلێك پترە لە کوردەکانی کوردستان و تەنانەت لە کوردەکانی هەرێمی ئەفرین-یش، ئایا ئەم کوردە (سەربەستانە) دەتوانن چیبکەن بۆ ئەوەی کورد ئەم هەلە مێژووییەی لەدەست نەچێ؟

شوێن :

koln ' kreuzer Str. 5-9 (Ecke vemloer Str - Innere Kannal Str.)
Mit Linie 3-4 Richtung Bocklemund Haltstelle HansBockler-Platz

ڕۆژ: شەممە ٢٠٠٣/٢/١٥ کات: ٢ی پاش نیوەڕۆ
بۆ زانیاری زیاتر: 0179-5363976/ یان 0172-2523478
تێبینی: هاتنە ژوورەوە بەبێ پارەیە.

گەورە بەرپرس و خزمە نزیکەکانی .. .. پ

بەجێبڵێ دەتوانین یارمەتی بدەین لە دۆزینەوەی شوێنێك بۆی) ئەوەش ڕێگەیەکە بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ دەگرێ. بەڵام لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەمریکا دەتوانێ گرەنتی پێبدات کە خۆیو نزیکەکانی دادگایی نەکرێن گوتی: (ئەمریکا مافی ئەوەی نییە بەتەنیا ئەو جۆرە پاراستنەی بۆ دابین بکات، دەبێ ئەوە بەرازیبوون و لەچوارچێوەیەکی فراوانتردا بکرێت).

لەکاتی گەشتەکەی بۆ وڵاتە .. .. پ

، واتە ڕۆژی ٢٠٠٣/١/١٧ ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (HRW) کە ڕێکخراوێکی جیهانیو گەورەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤەو بارەگاکەی لە لەنیۆیۆرکە داوای کرد کە عەلی حەسەن مەجید دەستگیر بکرێ، بەهۆی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی هەڵمەتەکانی ئەنفال دژی کورد. (HRW) بەبیریهێنایەوە کە ئەوان کاتی خۆی کاسێتێکی دەنگی عەلی کیمیاییان بڵاوکردەوە کە لە ١٩٨٨دا لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکاندا دەڵێ: (هەموویان بەچەکی کیمیایی دەکوژم! کێ قبول ناکات؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ با جەهەنم بێ، کێ گوێ لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگرێ! خۆ هەر ڕۆژێك کیمیابارانیان ناکەم، بەڵکو بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ کیمیابارانیان دەکەم).

هەروەها ڕۆژی ٢٠٠٣/١/٢٢ (ناوەندی هەڵەبجە دژی بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد C.H.A.K) لەیادداشتێکیدا بۆ سوریاو لوبنان و ئوردن و میسر، داوای کرد کە عەلی کیمیایی دەستگیر بکەن و دادگایی بکەن چونکە هەر یەك لەو وڵاتانە ڕێککەوتننامەی دژە ئەشکەنجەو توندوتیژیو مامەڵەی نامرۆڤانەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان ئیمزا کردووە.

فرۆکەخانەی بەکرەجۆو هەریر .. .. پ

دەنووسێ کە فرۆکەی جۆری (C-17) بە ٧٢ تۆنەوە دەتوانێ لەو فرۆکەخانەیە بنیشێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە (ڕیچارد مایرز)ی سەرۆك ئەرکانی هێزەکانی ئەمریکا ڕۆژی ٢٠٠٣/١/٢٩ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند کە (هێزێکی سەربازی کەممان لە باکوری عێراقدا هەیە)، بەڵام لەهەمان کاتدا وەزارەتی بەرگری ئەو هەواڵانەیان ڕەتکردنەوە کە باسیان لەنیشتنەوەی سێ فرۆکەی بارهەڵگری ئەمریکی کردووە لەنزیك شارۆچکەی شەقلاوە.

گولستان پەروەر: خۆزگە دەخوازم لەکوردستاندا .. .. پ

تەلەڤزیۆنەدا پێشکەشدەکەم کە کۆنترین tv ئاسمانی کوردییەو یەکەمجار ئەوان داوای کارکردنیان لێکردم. ئینجا لەبارەی تێڕوانینی بۆ Ktv و Kurdsat دەڵێ: ئەز بەباشیەوە لەو دوو تەلەڤزیۆنە دەڕوانم و فەرقیان پێناکەم چونکە خزمەتی هونەرو کولتوری کوردی دەکەن. هیوادارم ڕۆژێك بێ کوردیش ببێتە خاوەنی دەیان کەناڵی ئاسمانی، لەو بارەیەوە ئەو تێبینیەش هەیە کە K tv و Kurdsat لە MEDYAtv پێشکەوتوو ترنین لەڕووی تەکنیکیەوە چونکە لەو ڕووە پێشکەوتووە، بەڵام شتێکی گرنگ هەیە کە Ktv و Kurdsat بەرنامەکانیان لەنێو خەم و کێشەکانی کوردەوە پەخشدەکەن. خۆزگە دەخوازم لەکوردستان کار بکەم و جەماوەر لەشەقامەکانی کوردستاندا ببینم و دەربارەی ئێش و ژان و هیواکانیان پرسیاریان لێبکەم و هەموو شتێك وەك خۆی ببینم.

کۆندۆلیزارایس لەتەمەنی (٨) ساڵیدا: .. .. پ

نیشتمانیی تۆپی پێی ئەمریکا، بەڵام ئێستا ئەو ژنێکە کە بەقەولی زۆر کەس بۆش لەسەر پەنجەکانی خۆی دەسوڕێنێتەوە. کەتەمەنی هەشت ساڵ بووە، تازە بزاڤی یەکسانیخوازی ڕەش پێستەکان لە ١٩٦٣ دەستی پێ کردبوو، ئەو ڕۆژە لەگەڵ باوکیدا لەبەردەم کۆشکی سپی ڕودەکاتە باوکیو دەڵێ: (ڕۆژێك منیش دەچمە نێو ئەم کۆشکەوە)!

کێن ئەوانەی بەرگری .. .. پ

ڕەنگە بگوترێ: جا کێ هەیە هەموو ئەو ڕاستییانە نەزانێت؟

بەڵێ ڕاستە، ئێمەی کوردو هاووڵاتیانی عێراق هەموو ئەو ڕاستییانە دەزانین، بەڵام لەم هەلومەرجە ناسك و چارەنووسسازەدا ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە ئەو ڕاستییانە بگەیەنینە دەرەوەش و، کارێك بکەین دیسان ڕژێمی عێراق خۆی وەك (قوربانی) نیشان نەداو، خەڵکیش بەناوی (عروبە)و (موسڵمانێتی)و لە هەمووش سەیرتر (مرۆڤایەتی)و (سەروەریی وڵاتان)و (بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا) نەکەونە خانەی بەرگریکردن لەو ڕژێمە.

ئەمڕۆ ئێمەی کورد زیاتر لەکەناڵێکی ئاسمانیی تەلەڤزیۆنیمان هەیەو، دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەو سایتی کوردی لەتۆڕی ئەنتەرنێت بڵاودەبێتەوە، ئەمە جگە لەو ژمارە زۆرەی کورد لەهەندەران و، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران بەهاوچەشنانیان لەدنیای دەرەوەدا.

کەواتە ئێستا ئێمە دەنگی بن گۆم نین و دەتوانین کارێك بکەین هەموو دنیا گوێی لێمان بێت.

گەر ئێستا دەربڕینی هەڵوێستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان (کە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە بەئاواتێکی گەورەو خەونێکی مەزن دەزانن) لەم هەلومەرجەدا لەلایەن سیاسییەکانمانەوە (لەبەر هەر هۆیەك) لەبەرنامەدا نەبێت، ئەوا هیچ نەبێت با لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی دیکەی پەیوەندییەستن بەدنیای دەرەوەدا، تاوانەکانی ئەم ڕژێمە وەك خۆی بڵاوبکەینەوەو بیخەینە بەردەم ڕای گشتیی دەوروبەرو و عەرەبیو ئیسلامیو جیهان بەگشتی، وێڕای وەبیر هێنانەوەی کارەساتە گەورەکانی وەك کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال و سەرکوتکردنی وەحشییانەی ڕاپەڕین لەباکوورو باشووری عێراق و دەیان تاوانی دیکە.

با هەموو دنیا بزانێت کە تەنانەت لەم هەلومەجەشدا ڕژێم لەدەرکردنی کوردان لەناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆی نەوەستاوە و، هەر لەم ڕۆژانەدا دەیان خێزانی کوردی لەکەرکوك دەرکردووەو، دەیان گوندی لەناوچەی دەشتی هەولێر لەدانیشتوانەکەی چۆل کردووەو، بەرەو ناوچە ڕزگارکراوەکان دەربەدەری کردوون، تەنانەت بەگوێرەی ڕاپۆرتی (میدل ئیست وۆچ) کە ڕێکخراوێکی تایبەتمەندە بە مافی مرۆڤ لەجیهاندا، ژمارەی لە سێدارەدانی بەندکراوان لەعێراقدا لەم دواییەدا لەچاو پێشتر زیادی کردووە!

ئەمانەو دەیان ڕاستیی دیکەی حاشا هەڵنەگر، دەبێت چ لەڕێی تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکانمانەوە، چ لەڕێی بڵاوکراوەکانی سەر ئەنتەرنێتەوە، چ لەڕێی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەرەوەو لەڕێی کوردی هەندەرانەوە، بگاتە هەموو لایەك و، هەمووان بزانن کە گەلی کوردستان و عێراق لەسایەی ئەو ڕژێمەوە بەردەوام لەمەینەتیو چەوسانەوەو کارەساتدایەو، ئەو شەڕەی بۆ لەناوبردنی بەڕێوەیە، گەر بەڕاستی ئەو ئامانجە بپێکێ، نەك هەر مەینەتییەکانی زیاد ناکات، بەڵکو ڕزگاری دەکات.

دەبێت ڕێگە نەدەین بەناوی بەرگریکردن لەگەلانی عێراق بەرگری لەو ڕژێمە دژ بەگەلانی عێراق و عەرەب و ئیسلام و مرۆڤایەتییە بکرێت. دەبێت ئەوانە بزانن کە بانگێشتە کردن بۆ مانەوەی سەدام بەهەر بیانوویێك، مانای مانەوەی هەموو ئەو زوڵم و زۆرەیە کە لەسەر گەلانی عێراق بەگشتیو گەلی کوردستان بەتایبەتی هەیە، مانای بەردەوامیی تەعریب و لەسێدارەدان و شوێنبزرکردن و قڕکردنی هاووڵاتییانی عێراقەو، هەڕەشەی بەردەوامە لەسەر وڵاتانی دراوسێو ناوچەکە.

rizgarab@yahoo.com